www.kurdistannet.org
28-1-2006 10:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ژنان بێ حیجاب لە مزگەوتەکانی ئەستنبۆل بەیەکەوە لەگەڵ پیاوان نوێژیانکرد.! لە ئاژانسەکانەوە: شێرزاد هەینی

سوید

لەیەکێك لە مزگەوتە کۆنەکانی ئەستنبۆل ژن و پیاوو منالان بەیەکەوە رۆژی هەینی نوێژیانکرد، ژنەکان وەك جلی ئاسایی خۆیان بێ پەچەو حیجاب بوون، لەوانە ژنی گەورە راوێژکاری سەرۆك وەزیرانی تورکیا رجب تەیب ئوردوغان و چەند کاربەدەستێکی تری نزێك لە حکومەت. ئەو دیاردەیە جێگای سەرنجی زۆری چاودێرانی سیاسی بوو، ئەحمەد یلمازی ئیمامی مزگەوتی ئوسکودار وتی:

ئێمە ناتوانین کەس لە نوێژکردن راگرین، بەوانەی دژبوون وتمان، دەتوانن بچنە نهۆمی سەرەوە، تا دووربکەونەوە، حکومەت لەو دیاردەیە دووربووە. بەلام موفتی ئەستنبۆل بروفیسۆر مەستەفا شاغرچی ئەوەی بە نارەوا لە ئیسلام ناوبرد، هەروەها وتیشی ئێمە ناتوانین رێگایان پێبگرین، بەلام هەولدەدەین واز لەو دیارەدەیە بهێنن و پەشیمان ببنەوە. دەزگاکانی راگەیاندن ئەو کەسانەیان بە دەستەیەکی تازە ناوبرد، ئەوانەی بانگهێشتی نیەتی ساف و راستگویی دەکەن. ئەو دەستەیە نوێژی بەیەکەوەی ژن و پیاو بەرەوا و دروست دەزانن، هەروەها داواکارن ژنان بتوانن پێشنوێژیش بکەن. سالی پاریش کە ژنان ویستیان هاوشانی پیاوان نوێژ لەسەر مردوو بکەن هەمان کێشە هاتە ئاراوە، کە ژنانیش ویستیان لە جەژنی قوربانا قوربانی سەرببرن، گلەیی هەبوو. پار سەرۆکی بەرێوەبەری کاروباری ئاینی بروفیسۆر علی بارداك ژنێکی وەك یاریدەری خۆی دامەزراند، هەروەها لە شارەکانی تورکیا سەدان ژن لە مزگەوتەکانا وتارخوێنن، بەتایبەتی لە شوێنە دوورەکان دامەزراون، بۆ ئەو ژنانەی لە شەرحی پیاوان شەرم دەکەن.